بەش: زمانی کوردی

کۆلێژ: پەروەردە/ مەخموور

زانکۆ: سەلاحەددین

بابەت : ئبەراوردی ئەدەبی

پەرتووکی کۆرس: ساڵی چوارەم(قۆناغی چوارەم)

ناوی مامۆستا: فرهاد عزیز حسن

نازناوی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

ساڵی خوێندن: ٢٠٢٠-٢٠٢١

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | بەراوردی ئەدەبی |
| 2. ناوی مامۆستای بەرپرس | فرهاد عزیز حسن |
| 3. بەش/ کۆلێژ | زمانی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە- مەخموور |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل:farhad.hassan@su.edu.krd<br>ژمارەی تەلەفۆن (بەپێی ئارەزوو):07504530191 |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | |
| 6. ژمارەی کارکردن | |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | پسپۆڕ لە ئەدەبی کۆن |
| 9. وشە سەرەکیەکان | زاراوە و چەمکی بەراوردی ئەدەبی / لێکۆڵینەوەی بەراوردی ئەدەبی / مێژووی بەراوردی ئەدەبی / قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبی / قوتابخانەی فەڕەنسی/ قوتابخانەی ئەمریکی/ بەراوردی ئەدەبی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا/ بەراوردی ئەدەبی لە کوردستاندا. |
| 10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:<br>**گرینگی خوێندنی کۆرسەکە:** بەراوردی ئەدەبی ئەمڕۆ یەکێک لە گرنگترین لقەکانی بواری ڕەخنەی ئەدەبییە کە لە جیهاندا گرنگییەکی یەکجار زۆری پێدەدرێ. | |
| 11. ئامانجەکانی کۆرس<br>لەم کۆرسەدا ڕەهەندە مێژووییەکانی گەشەی زانستی بەراورد لە بواری لێکۆڵینەوەی ئەدەبی جیهانی و کاریگەری ئەدەب و هونەر و زانستە مرۆڤایەتییەکان لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی قوتابخانە جیاوازەکانی ئەم بوارە شیدەکرێنەوە. | |

12. ئەرکەکانی قوتابی

قوتابی لەم ساڵی خوێندندا لە بابەتی بەراوردی ئەدەبی ئەرکی جیاجیای پێدەسپێردرێ. لە پۆلدا بە سەر چەند گرووپێک دابەش دەکرێن و دەقی جیاوازی ئەدەبی و بەرهەمە هونەری و زانستییەکانی دیکەی بواری مرۆڤایەتی بەپێی قوتابخجانە جیاوازەکان شیدەکرێنەوە و لە بنەما و بنچینەکانی کاریگەری و کارتێکردنی نێوانیان دەکۆڵنەوە.

13. ڕێگەی وانە ووتنەوە

بەشێوەی گرووپ و دیبەیت وانەکە بەڕێوەدەچێ.

14. سیستەمی هەڵسەنگاندن

٢٠ نمرە لەسەر چالاکیماڵەوە و پۆل دانراوە. ٢٠ نمرە لەسەر تاقیکردنەوەی وەرزیی. ٦٠ نمرەش بۆ تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵ تەرخان کراوە.

15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

لە کۆتایی خوێندنی ئەم وانەیە قوتابی پەی بە چەمکی بەجیهانیبوونی ئەدەب و هونەر و زانست دەبا. لای ڕوون دەبێتەوە کە کولتووری گشت گەلان جێگەی بایەخن و سەرجەمی مرۆڤایەتی لە داهێنانە مەعریفی و زانستییەکانی مرۆڤدا پشکدارن و ئەدبی هیچ نەتەوەیەک لەسەرووی ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە نییە.

16. لیستی سەرچاوە


١.ئەدەبی بەراوردکاری، عەزیز گەردی،چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، ١٩٧٨.

٢.بەراوردی ئەدەبی، د.ئیبراهیم شوان،چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، ٢٠١٤.

٣.ڕەنگدانەوەی لەیلاومەجنوون لە ئەدەبی کوردیدا، خانزاد عەلی قادر، نامەی ماستەر، ١٩٩٢.

٤.کاریگەری سەعدی لە شیعرەکانی جزیریدا، سالار عەزیز محموود، نامەی ماستەر. ١٩٩٩.

٥ .الادب المقارن، د.محمد غنيمى هلال، القاهره، ١٩٧٣.

٦ .الادب المقارن والادب العام، ريمون طحان، بيروت، ١٩٧٢.

٧ .الادب المقارن، پول ڤان تيگم، ت: سامى مصباح الحسامى، بيروت.

٨- ادبيات تطبيقى، طه ندا، ١٣٨٦.

٩- مجلەی ادبيات تطبيقى

١٠- داشۆرین لەنێوان شێخ ڕەزا و ئیرەج میرزادا. فرهاد عزیز حسن، ٢٠١٦


| 17. بابەتەکان | | | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|---|---|
| بابەت | ئامانجی تایبەتی | هەفتەکان | فرهاد عزیز حسن |
| زاراوە و چەمکی ئەدەبی بەراوردکاری | قوتابیان بە زانستی ئەدەبی بەراوردکاری لە رووی زاراوە و پێناسە و چەمکەوە ئاشنا دەبن. بەرچاوڕوونییە بۆ ناساندنی بابەتەکە. | هەفتەی یەکەم | |
| لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراورد | قوتابی ئاشنا دەبی بە سوودی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی بەراوردی لەنێوان ئەدەبیاتی نەتەوەیی و بێگانەدا. | هەفتەی دووەم | |
| مێژووی ئەدەبی بەراورد لە ئەڵمانیا و ئیتاڵیا | هەوڵێکە بۆ ناساندنی سەرهەڵدانی زانستی ئەدەبی بەراورد لە وڵاتانی ئەڵمانیا و ئیتاڵیا. | هەفتەی سێیەم و چوارەم | |
| مێژووی ئەدەبی بەراورد لە ئینگلتەرا، ئەمریکا، رووسیا | هەوڵێکە بۆ ناساندنی مێژوو و سەرهەلدانی ئەدەبی بەراورد لەو سێ وڵاتە و چۆنیەتی گەشەکردنیان. | هەفتەی پێنجەم و شەشەم | |
| مەودای ئەدەبی بەردوردکاری | لێرەدا سنوور و پێوانە و هۆکارەکانی ئەدەبی بەراوردکاری ڕوون دەکەینەوە. ئایا ئەو پیوەر و بنەمایانە چین کە ئەدەبێك لەگەڵ ئەدەبێکی دیکە بەراورد دەکەین؟ | هەفتەی حەفتەم | |
| هۆکارە گشتیی و تایبەتیەکانی پەرینەوەی ئەدەبی بەراوردکاری | قوتابیان ئاشنا دەبن بەو هۆکارانەی وا دەکەن ئەدەبێک بە ئەدەبێکی دیکە کاریگەر بێت. بۆ نموونە دەسەڵاتی وڵاتێك، بازرگانی، وەرگێران، کاریگەربوون بە نووسەرانی وڵاتانی تر. | هەفتەی هەشتەم و نۆیەم | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | هەفتەی دەیەم | قوتابیان بەو قوتابخانانە ئاشنا دەکرێن، کە ئەدەبی بەراورد وەکو زانستێک خوێندراوە و یاسا و پێوەری خۆی هەیە. بۆ نموونە قوتابخانەی فرەنسی پێوەری پەیوەندی مێژوویی و جیاوازی زمان دەکاتە مەرج بۆ لێکۆڵینەوەی بەراوردی. | قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراورد: قوتابخانەی فرەنسی |
| | هەفتەی یازدەم و دوازدەم | پێوەر و بنەماکانی ئەم دوو قوتابخانەیە بۆ لێکۆڵینەوەی ئەدەبی بەراورد بە قوتابیان ئاشنا دەکرێت. | قوتابخانەی ئەمریکی و ڕووسی |
| | هەفتەی سێزدەم و چواردەم | خاڵی لێکچوون و جیاوازی نێوان هەر سێ قوتابخانەکان روون دەکرێتەوە، تاکو قوتابیان بتوانن ئاشنا بن بە کام لەو قوتابخانانە کار بکەن. | جیاوازی و لێکچوونی قوتابخانەکان |
| | هەفتەی پانزەم و شازدەم | لێرەدا قوتابیان ئاشنا دەکرێن بە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەم زانستە لە لێکۆڵینەوەی ئەدەبی کوردیدا. ڕوون دەکرێتەوە ئەدەبیاتی کوردی بە پێوەری کام قوتابخانەکان کاری کردووە. | ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا سەرەتایەکی مێژوویی |
| | هەفتەی حەڤدەیەم و هەژدەیەم | لێرەدا بەراوردێکە لە شیعرەکانی حافزی شیرازی و کاریگەری لەسەر هەریەك لە موخلیس و نالی | کاریگەری حافز لەسەر موخلیس و نالی |
| | هەفتەی نۆزدەهەم | کاریگەری شیعرەکانی شاعیری فارس سەعدی شیرازی لەسەر شاعیری کورد مەلای جزیری روون کراوەتەوە. | کاریگەری سەعدی شیرازی لەسەر جزیری |
| | هەفتەی بیستەم و بیستویەك | لێرەدا ئەو مەولوودنامانەی لە ئەدەبی کوردیدا نووسراون، کاریگەری مەولوودنامە فارسی و عەرەبییەکانیان بەسەرەوە، ئەمە شیکراوەتەوە. | کاریگەری مەولوودنامەکان لە ئەدەبی کوردیدا |
| | هەفتەی بیستودوو و بیستو سێ | بەروونی لێکۆڵینەوە لە داستانی لەیلاومەجنوون کە بە زمانی کوردی لەلایەن شاعیرانی کوردییەوە نووسراون کراوە. کە بە کاریگەری لەیلاومەجنوونە فارسی و تورکییەکانەوە نووسراون، کاریگەرییەکان روون کراوەتەوە. | لەیلا و مەجنوون و کلیلە و دمنە لە ئەدەبی کوردیدا |
| | هەفتەی بیستوچوار و بیستوپێنج | کاریگەری شیعرەکانی مەولانای ڕۆمی شاعیری فارس لە سەر شیعرەکانی مەحوی شاعیری کورد بە بەڵگەوە ڕوون کراوەتەوە. | کاریگەری مەولانای ڕۆمی لەسەر مەحوی |

18. نییە

19. تاقیکردنەوەکان

1. دارشتن:

پ١/ ئەدەبی بەراوردکاری چییە؟

پ٢/ مەرجەکانی زانستی ئەدەبی بەراوردکاری چییە؟

پ٣/هۆکارە تایبەتییەکانی پەرینەوەی ئەدەبی چییە؟

پ٤/بەراوردی زانستی چییە؟

پ٥/ سەرەتاکانی ئەدەبی بەراوردکاری لە ئەدەبی کوردیدا کەیە؟

20. تێبینی تر

21. پێداچوونەوەی هاوەڵ